# ڕاپۆرتی ئەنجامەکانی ڕاپرسیی:

# هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێرانی و هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بەرایی

لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، نزیک بە هەر دوو ساڵ جارێک هەڵبژاردنێک لەلایەن دامودەزگای دەوڵەتی ئێرانییەوە ڕێکخراوە کە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک بەشێک لە سنووری سیاسی و ئیداریی ئێرانی هەژمار کراوە و هەوڵ دراوە بە میکانیزمگەلی جۆراوجۆر, بەڵام تایبەتمەند بە دامودەزگای سیاسیی ئێرانیی ئیسلامی پرۆژەکانی "هەڵبژاردن" لەم بەشەی نیشتمانی کوردستاندا ببەن بە ڕێوە.

لە هەموو ئەو ٤٥ ساڵەدا ئێمە وەک کورد کەمترین ئیمکانی ناسینی ڕاستەقینەی ڕا و بۆچوونی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان لەبەر دەستدا بووە و هەر جار لە کۆتایی پرۆژەکانی هەڵبژاردندا تەنیا لەڕێگەی ئەو دەیتا و زانیارییانەوە کە دامودەزگای دەوڵەتی ئێرانی خۆی بڵاوی کردوونەتەوە، ئێمە توانیمانە پێناسەیەکمان بۆ تەنیا ئاست و قەبارەی بەشداریکردن یان نەکردنی خەڵک دەست بکەوێت، بەبێ ئەوەی بۆچوونی پێشینەی خەڵک، هۆکارە سەرەکییەکانی کاریگەر لەسەر دروست بوونی ئەو ڕا و بۆچوونانە و هەروەها ئەو هەڵوێست و کردەیەی کە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا لە خەڵک وەشاوەتەوە بە شێوەیەکی ڕوون و زانیاری-بنەما بۆ ئێمە ڕوون بووبێت. هۆکاری سەرەکیی ئەوەش داخستنی هەر ئیمکان و دەروازەیەک بووە بە سەر کوردستاندا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر خۆی وەک یەکەیەکی نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی. هەر ئەوەش وەهای کردووە کە خوێندنەوەی هۆکاری بڕیار و هەڵوێستە گشتییەکان تەنیا لەسەر بنەمای شیمانە و گریمانەگەلێک ڕوو بدەن کە خۆیان لە بۆچوونێکی سیاسیی تایبەتەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم دۆخە بە بۆچوونی ئێمە یەکێک بووە لە هۆکارەکانی پێکنەهاتنی ستراتێژی و هەروەها پلانگەلی کردەیی ئەوتۆ کە بتوانێت لەسەر بنەمای ڕاستەقینەی ژینەکی و زەینیی خەڵکی کوردستان خۆی ئاراستە بکات و هەنگاوەکانی بەرەو داهاتوو بەرز بکاتەوە.

پلاتفۆرمی لێکۆڵینەوە و ڕاپرسیی کوردستان، وەک هەوڵێک بۆ خوڵقاندنی ئیمکانی بە دەیتاکردن و شیاوی توێژینەوە و شیکاریکردنی بیرکردنەوە، هەڵوێست و ئاکاری سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە و ئەم پرۆژەیەی وەک دووهەم پرۆژەی خۆی لەم ئاراستەیەدا بەڕێوە بردووە.

ڕاپرسیی، هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێرانی و هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵی داوە لە ماوەیەکی کورت، واتە یازدە ڕۆژ بەر لە ڕۆژی دیاریکراو بۆ بەڕێوەچوونی ئەم "هەڵبژاردن"ە، لە ڕا و بۆچوون و هەڵوێستەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بپرسێتەوە و ئامانجی ئەوە بووە کە سەرەڕای بەرتەسکیی کات بەڵام بەر لە ڕۆژی یازدەی ڕەشەمە ئەنجامەکانی خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ خەڵک.

ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، جیا لەوە کە بۆ خەڵکی ئاساییش دەتوانێ ڕوون کەرەوە بێت، بۆ خوێندکاران، توێژەران، چالاکانی مەدەنی و هەروەها پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کەڵکە.

## شێوازی توێژینەوە و بەرچاوڕوونی،

## سەبارەت بە ڕاپرسی "هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێرانی و هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"

ئەم ڕاپرسییە، توێژینەوەیەکی ژمارەیی واتە کوانتیتاتیڤە کە هەوڵی داوە لەرێگەی ئاراستە کردنی چەند پرسیارەوە هەتا ئاستێک چۆنیەتی، شێواز و هۆکارەکانی چلۆن بیرکردنەوە و هەڵوێست گرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازێکی دەیتا-بنەما ڕوون بکاتەوە. ئێمە وەک پلاتفۆرمی ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەی کوردستان بە هیچ شێوەیەک بانگەشەی گشتاندنی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە بەسەر کۆی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناکەین و هەر لێکدانەوەیەکی بەم چەشنەش بە نەباش دەزانین، بەڵام دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەم ڕاپرسییە بە ئاستێکی بەرزی وردبینییەوە بەڕێوە چووە.

ئەم ڕاپرسییە بەهۆی داخراوبوونی ئیمکانەکانی دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆ بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێوەی بانهێڵی بەڕێوە چووە و بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ دراوە تا ئەو جێیەی بگونجێت کەڵک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە وەربگرین کە نەک ئەوەی بەتەنیا لەناو توێژێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری یان ڕەگەزیدا کار ناکەن بەڵکوو بەشێوەیەکی بەرچاو لەبەر دەستی هەموو چین و توێژەکاندان. لەم ڕاپرسییەدا بە هەموو شێوەیەک خۆمان لە سەمپڵ و نموونەی بەشداریی تایبەتمەند پاراستووە و کۆی هەموو ئەو دەیتایانە کە لەم ڕاپۆرتەدا دەکەوێتە بەر دەستتان بەشێوەی کوێر و بە هەڵکەوت وەرگیراون.

لەپێناو خولقاندنی کەشی متمانە بۆ وەرگرتنی بەشداریی کۆمەڵگەی ئامانج، ئێمە لەم ڕاپرسییەدا هیچ پرسیارێکمان سەبارەت بە زانیاریی کەسانە وەک ناو و ناونیشان و داهات و ... نەپرسیوە بەڵکوو تەنانەت لە پرسیاری پەیوەندیدار بە ڕەگەزدا هەڵی ئەوەمان خولقاندووە کە کەسی بەشدار ڕەگەزی خۆی بۆ بەشداری لەم ڕاپرسییەدا دەرنەبڕێت.

لە ڕەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپرسییەدا هەوڵمان داوە کە خۆمان تاکە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە نەبین بەڵکوو جیا لەوە کە خۆمان لەڕێگەی سۆسیالمێدیای تایبەت بە پلاتفۆرمەکەوە بڵاومان کردۆتەوە داوامان کردووە هەرکەس لە هەر شوێنێکەوە لەناو بازنەی گەورە و بچووکی کۆمەڵایەتیی خۆیدا بڵاوی بکاتەوە. هاوکات لەو ماوە کورتەدا زۆر سۆسیالمێدیای تاکەکەسی و گشتی لەسەر بڕیار و ویستی خۆیان و بەبێ پێشنیاری ئێمە یان بەبێ گەڕانەوە بۆ ئێمە گەیاندوویانەتە بەردەنگەکانی خۆیان. هەر ئەم شێوازە لە بڵاوکردنەوە یەک لە هۆکارە گرینگەکانی جۆری دابەشبوونی بەشدارەکانە لە هەموو ئاستە جۆراوجۆرە پرسیارکراوەکانی پەیوەندیدار بە ڕەگەزەکان، پارێزگاکان، خوێندەواری و پیشەدا. جیا لەوە ئێمە دەرفەتی ئەوەمان خولقاند کە بەردەنگ و بەشدارەکانمان بتوانن لەنێوان چوار شێوەزاری سەرەکیی زمانی کوردی و هەروەها زمانی فارسی دا خۆیان زمانی ڕاپرسی و وەڵامدانەوە هەڵبژێرن. ئێمە بە چوار شێوەزاری کوردیی ژوورین(کورمانجی)، کوردیی خوارین(کەلهوڕی)، کوردیی ناوین(سۆرانی) و کوردیی دێرین(هەورامی) و هەروەها بە زمانی فارسی زانیاریی پێویستمان سەبارەت بە خودی ڕاپرسییەکە لە سەر پلاتفۆرمی کوردڤۆت بڵاو کردبۆوە.

ئەگەرچی دەیتای تەواو سەبارەت بە ژمارە، ڕێژە و شێوازی بەشداری لە هەر چوار شێوەزارەکەدا بە وردبینیی تەواوەوە کۆکراوەتەوە بەڵام لەم ڕاپرسییەدا لەبەر ئەوەی ئامانجی ئێمە خوێندنەوەی ڕا و بۆچوونی ئاخێوەرانی شێوەزارە کوردییەکان سەبارەت بە پرسیارەکان نییە و هەروەها دابەشبوونی جوگرافیی ڕاپرسییەکە بە هیچ شێوەیەک پەیوەست نییە بە جوگرافیای ئاخێوەرانی زمانی کوردییەوە، دەیتا و زانیارییەکانی بەدەستهاتوو لە هەر چوار شێوەزارەکەمان پێکەوە کۆ کردۆتەوە. بەو مانایە کە زۆرێک لەوانەی بۆ وێنە شێوەزاری کوردیی خوارینیان هەڵبژاردووە دانیشتووی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نین بەڵکوو دەشێ لە باکوور یان لە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بژین و ئەمەشیان لە پرسیارە دیموگرافیکەکاندا دەرخستووە. بۆیە دەبینین دەیتاکان بە سێ شێوازی، گشتی، کوردی و فارسی ڕێک خراون. هۆکاری جیاکردنەوەی وەڵامە فارسییەکان لەڕاستیدا دوو شت بووە: یەکەم ئەو جیاوازییە مانادارە کە لە وەڵامەکاندا بەرچاو دەکەون، بۆیە بڕیارماندا جیا لەوەی ئەنجامەکانی بەشداری بە زمانی فارسیش لە گرافە گشتییەکاندا لەگەڵ ئەنجامە

کوردییەکاندا تێکەڵ کراوە، بەڵام لە گرافێکی تایبەتیشدا جیا کراوەتەوە کە ڕەنگ بێ بتوانێت بەتەنیا وەڵامی هەندێک پرسیاری تایبەتی بداتەوە.

ئێمە لەم ڕاپرسییەدا ئەگەرچی هیچ زانیارییەکی تاکەکەسی و تایبەتمەندمان لە بەشداران وەرنەگرتووە کە بمانهەوێ بە یارمەتیی ئەو زانیارییانە ڕێگە لە بەشداریی چەند جارە لەلایەن کەسەکانەوە بگرین بەڵام بەو ئیمکانە دیجیتاڵانە کە لەبەردەستماندا بوون توانیمان ڕێ لەو کارە بگرین. ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە دەشێ زۆر هەوڵی تێکدەرانە بۆ پەک خستن، بەشداریی ڕێکخراو بۆ بەلاڕێدا بردنی ئەنجامەکان، هێرشی سایبێری لە دژی ئەم ڕاپرسییە ڕوو بدەن، بۆیە هەوڵمان داوە بە چاودێریی ورد، بەردەوام و بێ پسانەوە و چالاک کردنی چەندین میکانیزمی ئەمنیەتی تایبەت، سات بە سات هەر چەشنە هەوڵێکی ڕێکخراو بۆ ئەم مەبەستە ناکارا بکەین کە بەختەوەرانە توانیمان بە باشترین شێوە تەندروستیی دەیتاکان بپارێزین.

خاڵێکی تری جێگەی ئاماژە ئەوەیە کە لەم ڕاپرسییەدا ئامانجی ئێمە وەرگرتنی وەڵامی تەنیا ئەو بەشدارانە بووە کە لەناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵام لە ئێراندا دەژین، بەڵام لەدایکبووی یەکێک لەو چوار پارێزگایەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. بۆیە هەموو ئەو کەسانەی کە بەتەما بوون لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە بەشداری بکەن بەشێوەی ئۆتۆماتیک و خۆکرد لە درێژەی ڕاپرسییەکە دەکرانە دەرەوە و ڕێگەی بەشدارییان پێ نەدەدرا.

ئامانجی ئێمە لەم ڕاپرسییەدا زیاتر لەوە کە بەرزکردنەوەی ژمارەی بەشداربووەکان بێت، پاراوبوون، ڕاستەقینەبوون و سەلامەت بوونی ئەو دەیتایانەیە کە لە کۆتاییدا بڕیارە لەلایەن ئێمەوە بڵاو بکرێنەوە.

ئەم ئەنجامانە کە لەبەر دەستی ئێوەدایە لەڕاستید بەرئەنجامی هەوڵێکی بەکۆمەڵ و یارمەتیی زۆر هاونیشتمانیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەسەر ئەرکی خۆیان و لەپێناو دەرکەوتنی ڕا و بۆچوون و هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەی تەواو خۆبەخشانە کات و وزەی خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا توێژینەوەیەکی شیاوی ئاماژە بۆ کردن بەرهەم بێت.

ئێمە وەک پلاتفۆرمی لێکۆڵینەوە و ڕاپرسیی کوردستان خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین لەبەرانبەر دەرخستنی ئەو ڕاستییانەدا کە هەن، نەک ئەو حەزانەی کە خۆمان هەمانە. لەو باوەڕەداین حەزەکان تەنیا بە ناسینی ڕاستییەکان بەدی دێن.

ئێمە لەم ڕاپرسییەدا مەبەستمان بوو کە تەنیا ئەو کەسانە بتوانن وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە کە لەناوخۆی چوار پارێزگای کرماشان، ئیلام، ورمێ و سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین بەڵام پێویستیمان بە فیلتێرێک بوو کە هەر لە سەرەتای بەر لە دەستپێکردنی پرسیارە سەرەکییەکان یارمەتیدەرمان بێت بۆ ئەوەی خۆ لە هاتنە ئارای دەیتای بێ کەڵک بۆ ئامانجی ئەم ڕاپرسییە بپارێزین. بۆیە سێ بژاردەمان خستە بەر دەست بۆ یەکلا کردنەوەی مافی بەشداریکردن یان نەکردن. سەرەڕای ئەوە کە ئێمە بە چوار شێووەزاری کوردی و بە زمانی فارسیش ڕامانگەیاندبوو کە ئەم ڕاپرسییە تەنیا بۆ هاونیشتمانیانی دانیشتووی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەڵام هەر وەک لەم گرافەدا دەبیندرێت ٢٢٪ی کۆی ئەوانە کە گەرەکیان بووە بەشداریی ئەم ڕاپرسییە بکەن لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دەرەوەی ئێرانیشەوە هەوڵیان داوە. ئەو کەسانە لەپاش دیاری کردنی شوێنەکەیان بەشێوەی خۆکرد لە بازنەی ڕاپرسییەکە خراونەتە دەرەوە و ئیتر نەیانتوانیوە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. بۆیە کۆی دەیتاکانی دوای ئەم پرسیارە لە کۆی ئەو حەوفاوهەشت لە سەدەیە کە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێرانەوە بەشدارییان کردووە.

ئامانجی تری ئێمە لە داڕشتنی بەم چەشنەی ئەم فیلتێرە ڕەخساندنی ئیمکانی ئەوە بووە کە کەسی بەشدار مافی ئەوەی هەبێت سەرەڕای ئەوە کە هاونیشتمانییەکی کوردستانییە و مافی بەشداریکردنی لەم ڕاپرسییەدا هەیە بەڵام بە هەر هۆکارێک کە بە پێویستی دەزانێت ئاشکرای نەکات کە لەو کاتەدا لەناو سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەشداری دەکات.

وەک لە ژمارەکاندا دیارە ٦١٪ی کۆی ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە وتوویانە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەشداری دەکەن و ١٧٪ وتوویانە لەو کاتەدا کە ویستوویانە بەشداریی ئەم ڕاپرسییە بکەن لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵام لەناو ئێرانن.




بە کۆی گشتی:
ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٦١٪
ئێران ١٧٪
دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ٢٢٪




بەڵام لەناو ئەوانەدا کە بڕیاریان داوە بە یەکێک لە چوار شێوەزاری کوردیی دیاریکراو بەشداریی ڕاپرسییەکە بکەن، دابەشبوونەکە بەم چەشنەیە:
ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٦٦٪
ئێران ٧٪
دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ٢٧٪




لە حاڵێکدا لەلای ئەو کەسانەی کە بڕیاریان دابوو بە زمانی فارسی بەشداری بکەن، بەم چەشنە بووە:
ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٥٠٪،
ئێران ٤١٪
٨٪یش گەرەکیان بووە کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە بەشداری بکەن.

## رەگەز

لەم بەشەدا پرسیارمان سەبارەت بە رەگەزی کەسی بەشداربوو کردووە. جیا لەوە کە سێ بژاردەی ژن، پیاو و پەلکەزێرینەمان خستبووە بەر دەست بە زیادکردنی بژاردەی چوارەم ئەو دەرفەتەمان خستە بەر دەستی کەسی بەشدار بوو کە ئەگەر حەز نەکات بە هەر هۆکارێک دەتوانێ رەگەزی خۆی دەرنەبڕێت.




لە کۆی گشتیی ئەو کەسانەی کە وەڵای ئەم راپرسییەیان داوەتەوە، ٨٤٪ پیاو بوون، ٩٪ ژن و نزیک بە ٧٪ نەیانویستووە رەگەزی خۆیان ئاشکرا بکەن. سەرجەم ٤ کەسیش خۆیان وەک پەلکەزێرینە ناساندووە.

ئەم رێژەیە بەتایبەتی لە نێوان بەشداران بە یەکێک لە چوار شێوەزارە کوردییەی ئەم راپرسییە و زمانی فارسیدا جیاوازە.




لەنێو ئەو کەسانەشدا کە بە یەکێک لە چوار شێوەزارە کوردییەکە وەڵامیان داوەتەوە ٨٦٪ پیاو، ٨٪ ژن، نزیک بە ٥٪ رەگەزی خۆیان دەرنەبڕیوە و سەرجەم ٣ کەس خۆیان وەک پەلکەزێرینە ناساندووە.




لەنێو ئەو کەسانەدا کە بە زمانی فارسی وەڵامیان داوەتەوە ٧٨٪ پیاو بوون، ١١٪ ژن بوون و ١٠٪ نەیانویستووە رەگەزی خۆیان ئاشکرا بکەن. لە کۆی گشتیی ئەو کەسانە کە بە زمانی فارسی وەڵامیان داوەتەوە یەک کەس خۆی وەک پەلکەزێرینە ناساندووە.

## تەمەن:




دابەشبوونی تەمەنی بەشدارانی ئەم ڕاپرسییە ئاستێکی بەرز لە وردبینی ئەم ڕاپرسییەمان بۆ بڵاوبوونەوە بەسەر تەمەنە جۆراوجۆرەکاندا بۆ دەردەخات کە زۆر بەباشی لەگەڵ پێکهاتەی تەمەنی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەگوێرەی ناوەندی ئاماری ئێرانیش دەگونجێت. لێرەدا دەردەکەوێت کە سەرەڕای ژمارەی کەمی بەشداربووەکان بەڵام ئاستە جیاوازەکانی تەمەن بە ڕێژەیەکی لۆژیکی بەشدارن.

١٩) تەمەن:

1. ٢٥-١٨
2. ٣٥-٢٥
3. ٤٥-٣٥
4. ٥٥-٤٥
5. ٧٥-٥٥
6. ٩٩-٧٥

## خوێندەواری:

یەکێکی تر لەو سەلمێنەرانەی کە ئاستی بەرزی وردبینی لە بڵاوبوونەوەی ئەم راپرسییەمان بۆ دەردەخات دابەشبوونی بەشدارەکانە بەسەر هەموو ئاستەکانی خوێندەواریدا کە وەک پرسیار ئاراستە کران.

کۆی گشتیی دەرئەنجامەکان پێمان دەڵێ کە ٦٧٪ی کۆی بەشداربووان لە ئاستی خوێندنی باڵادا خوێندەوارن. ٢٥٪ی کۆی بەشداربووانی ئەم راپرسییە هەتا ئاستی دواناوەندی، ٦٪ هەتا ئاستی ناوەندی و بە رێژەی ٢ ٪ لە کۆی بەشداربووان تەنیا بەرادەی خوێندنەوە و نووسین یان هەتا ئاستی سەرەتایی خوێندەوارییان هەیە.




٢٠) خوێندەواری

1. تەنیا ئاستی خوێندن و نووسین
2. هەتا ئاستی سەرەتایی
3. هەتا ئاستی ناوەندی
4. هەتا ئاستی دواناوەندی
5. هەتا ئاستی بەکالۆریۆس
6. هەتا ئاستی ماستێر
7. هەتا ئاستی دوکتۆرا و دوکتۆرا بۆ سەرەوە

## پیشە:

لەم بەشەدا، ئەگەرچی دەکرا بوارە پیشەییەکان بەسەر زۆر بواری دیکەشدا وردتر بکرێتەوە بەڵام ئێمە لە شەش بواردا داوامان کردووە بەشدارەکانمان پیشەی خۆیان پۆلێنبەندی بکەن. وەک دەبینین بەرزترین ڕێژە لەم بەشەدا هی بازارییەکانە کە ٣٣٪ی کۆی بەشداربووەکان لە خۆ دەگرێت. هەڵبەت ئەوە لەبەرچاو دەگرین کە دەکرێ هەندێک لەو پیشانەی کە ڕەنگە نەچووبێتنە خانەی بەشەکانی دیکەوە لەلایەن بەشداریکەرانەوە وەک بازاڕی دەستنیشان کرابێت. لەدوای بازاڕی، زیاترین ڕێژەی بەشداربووان لەنێوان کارمەندەکانی دامودەزگای حکوومەتدا بووە کە ٢١٪ی بەشداربووەکان پێک دەهێنن. ڕێژەی کرێکاری بێ پسپۆری کەمترین ڕێژەی لە خۆ گرتووە کە ٦٪ی بەشداربووانە. ١٦٪ کرێکاری خاوەن پسپۆڕین و ١٠٪ی بەشداربووان خوێندکارن. ئاماری بەرزی بێکاری لە نێوان بەشدارانی ئەم ڕاپرسییەدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆی ئەو ئامارە بەرزەی بێکاری کە بەسەر هەرچوار پارێزگای کرماشان، ئیلام، سنە و ورمێدا زاڵە و بە سەرنجدان بە ناوەندەکانی ئاماری ئێران و هەروەها ئەو ئامارانەی سەبارەت بە دۆخی بێکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کراونەتەوە بۆمان دەردەکەوێت بەرزیی ئەم ڕێژەی بێکارییە لە کۆڕی ئەم بەشداربووانەی ڕاپرسییەکەدا ڕێژەیەکی لۆژیکییە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ خودی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.




٢١) پیشە:

1. کرێکاری سادە واتە کرێکاری بەبێ پسپۆڕی
2. کرێکاری خاوەن پسپۆڕی
3. کارمەندی دامودەزگای حکوومەت
4. بازاڕی
5. بێکار
6. خوێندکار

## شوێنی لە دایکبوون:

لەم بەشە لە پرسیارە دیموگرافیکەکاندا گەرەکمان بوو بە دوو پرسیار هەم رادەی کۆچ و کۆچبەریمان لەنێوان پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەتا ئاستێک بۆ دەرکەویت و هەم ئەوە کە بزانین شوێنی ژیان و تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کام لە پارێزگاکان دەتوانێ کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی فکرین و بڕیاردان لە دۆخگەلی سیاسیی لە چەشنی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێرانیدا لە کوردستان هەبێت یان نا.




بە سەرنجدان بە ئەنجامەکانی ئەم دوو پرسیارە سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوون و شوێنی نیشتەجێ بوون بۆمان دەردەکەوێت کۆچ و کۆچبەرییەکی زۆر کەم لەنێوان پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا رووی داوە و زۆربەی هەرە زۆریان هەر لەو پارێزگایە دەژین کە لەوێ لەدایک بوون.

لەم پرسیارەدا ئاستی بەربڵاوی رێژەی بەشداربووانی ئەم راپرسییەمان بۆ دەردەکەوێت. پارێزگای ئیلام کەمترین ئاستی بەشداریی هەبووە لەم راپرسییەدا کە دەکاتە تەنیا ٢٪. پاشان پارێزگای کرماشان کە ١٢٪ی رێژەی بەشداربووانی لەخۆی گرتووە.

پارێزگای سنە بەرزترین ئاستی بەشداریی تێدا رووی داوە کە دەکاتە ٤٩٪ و دوای ئەو پارێزگای ورمێیە کە بە ٣٧٪ بەشداری، وەڵامی پرسیارەکانی ئەم راپرسییەیان داوەتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە راپرسییەکە بە چوار شێوەزاری کوردیی زوورین، کوردیی ناوین، کوردیی خوارین و کوردیی دێرین لەبەر دەستی بەشداراندا بووە.

### ٢٢) شوێنی لەدایکبوون

1. پارێزگای کرماشان
2. پارێزگای ورمێ
3. پارێزگای سنە
4. پارێزگای ئیلام

شوێنی نیشتەجێبوون:

ئەگەرچی هەر وەک لە گرافەکاندا دەبیندرێت ئاستی دابەشبوونەکە بەسەر پارێزگاکاندا لەنێوان ئەو بەشدارانەی کە بە زمانی فارسی وڵامیان داوەتەوە هەتا ئاستێک جیاوازە لە رێژەی دابەشبوونی ئەو بەشدارانە کە یەکێک لە چوار شێوەزاری کوردییان بۆ وەڵامدانەوە هەڵبژاردووە، بەڵام بەشێوەی گشتی دابەشبوونەکە بەم چەشنەیە:

1. پارێزگای کرماشان ١٢٪
2. پارێزگای ورمێ ٣٧٪
3. پارێزگای سنە٤٩٪
4. پارێزگای ئیلام ٢٪



## یەک) پێت وایە خەڵکی شارەکەت تا چ ڕادەیەک پێشوازی لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران دەکەن؟




لێرەدا ویستوومانە بزانین بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییە چۆن لە بڕیار و هەڵوێستی خەڵکی شارەکانی خۆیان بۆ بەشداریکردن یان نەکردن لەم خولەی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێرانی دەڕوانن کە وەک دەبینین لە کۆی گشتیی هەموو بەشداربوواندا ٦٦٪ پێیان وایە کە خەڵک بە ڕادەیەکی زۆر کەم پێشوازی لەو هەڵبژاردنەدا دەکەن.

هاوکات ٢٢٪ی بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییە پێیان وایە بە ڕادەیەکی کەم خەڵکی شارەکەیان پێشوازی لەم هەڵبژاردنە دەکەن. ١٠٪ی بەشداربووان پێیان وایە تا ڕادەیەک پێشوازی لەم هەڵبژاردنە دەکرێت بەڵام لە سەرجەم بەشداربوواندا بە ڕێژەی ١ ٪ پێیان وایە ئاستی پێشوازی لەم هەڵبژاردنە زۆر دەبێ و ١٪ی پێی وایە کە پێشوازییەکە یەکجار زۆر دەبێت.




لەم پرسیارەدا مەبەستمان بوو کە بەشێوەیەکی گشتی و بەبێ وردبوونەوە یان دەرخستنی ڕێژە جۆری ناسیاری و تێگەیشتنی تاکەکانی بەشداربوو لەم ڕاپرسییە سەبارەت بە خەڵکی شارەکەیان ببیستین.

1. زۆر کەم ٦٦٪
2. کەم ٢٢٪
3. تا ڕادەیەک ١٠٪
4. زۆر ١٪
5. یەکجار زۆر ١٪



## دوو) هەوڵ دەدەی سەبارەت بە بەشداری کردن یان بەشداری نەکردن لەم هەڵبژاردنانە لەگەڵ نزیکانی خۆت و خەڵکانی تر باس و گفتوگۆ بکەی؟

لەم پرسیارەدا گەرەکمان بوو بزانین ئەم کەسانە کە بڕیارە لەم راپرسییەدا بەشداری بکەن و رای خۆیان دەربڕن، ئایا لەگەڵ خەڵکی تردا سەبارەت بە را و بۆچوونی خۆیان گفتوگۆ دەکەن یان ناکە وەڵامەکان بەشێوەی گشتی بەم چەشنە بووە:

بەو شێوەیە کە لە گرافی فارسییەکەدا دەبیندرێت، رێژەکان جیاوزییەکی بەرچاویان لەگەڵ گرافە کوردییەکەدا هەیە. واتە لە کۆی گشتیی ئەو کەسانە کە بە شێوەزارە کوردییەکان وەڵامیان داوەتەوە ٦٦٪ را و بۆچوونی خۆیان لەگەڵ کەسانی تردا دابەش دەکەن و سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردن گفتوگۆ دەکەن. لە حاڵێکدا لەلای ئەو کەسانە کە بە زمانی فارسی وەڵامیان داوەتەوە رێژەکە بۆ ٤٥٪ دابەزیوە. لە کۆی گشتیی بەشدارانی ئەم راپرسییەدا ٢٤٪ هیچ باس و گفتوگۆیەک لەم بارەوە لەگەڵ کەسانی تردا ناکەن کە لەوێشدا دیسان لەنێوان بەشداران بە زمانی فارسیدا جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لەگەڵ بەشداران بە شێوەزارەکانی کوردی. رێژەیەکی ١٨٪ی لە کۆی بەشداربووەکان وتوویانە کە کەم تا زۆر را و بۆچوونی خۆیان لەگەڵ کەسانی تردا دابەش دەکەن.

1. بەڵێ ٥٩٪
2. نەخێر ٢٤٪
3. کەم تا زۆر ١٨٪



سێ) ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە ڕاپەڕینی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ کاریگەرییان هەبووە لەسەر بڕیاری تۆ بۆ بەشداریکردن یان بەشداری نەکردن لەم هەڵبژاردنەدا؟

یەکێک لە کەڵکەڵەکانی ئێمە لەم ڕاپرسییەدا ئەوە بووە کە بزانین هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم قۆناغەدا تا چەندە بەستراوەتەوە بەو ڕووداوانەی کە ساڵی ڕابردوو لە میانەی ڕاپەڕینی ژینادا ڕوویان دا. بۆمان گرینگ بوو بزانین کاریگەریی ئەو ڕووداوانە تا چەندە لەسەر زەین و بیرکردنەوە و بڕیار و هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەرانبەر پرۆژە سیاسییە ئێرانییەکاندا کاریگەر بووە و بەتایبەتی لێرەدا کە باسی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێرانییە، خەڵک بڕیاری خۆیان تا چەندە بە ڕاپەڕینی ژیناوە گرێ داوە.

وەک لە گرافەکەدا دەبینین، لە کۆی گشتیی بەشدارانی ئەم ڕاپرسییە ٧٤٪ وتوویانە کە بەڵێ ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ژینا کاریگەرن لەسەر بڕیاری بەشداری کردن یان نەکردنیان لەم هەڵبژاردنەدا.

هاوکات ١٤٪ لە کۆی بەشداربووان ڕایان وابووە کە ئەو بڕیارەی کە دەیدەن بۆ بەشداریکردن یان نەکردن هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ژیناوە نییە واتە بەبێ ئەو ڕووداوانەش بڕیاری ئەوان لەلایان ڕوون بووە. لەلایەکی تریشەوە ١٢٪ وتوویانە تا ڕادەیەک لەژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوانەدا بڕیار دەدەن.

1. بەڵێ
2. نەخێر
3. تا ڕادەیەک



### چوار) کوژرانی رۆژانەی کۆڵبەران، لەسێدارەدانی خەباتکارانی کوردستان، و دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و خەڵکی ئاسایی کاریگەریی هەیە لەسەر بڕیاری تۆ بۆ بەشداریکردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا؟

یەکێک لەو پرسیارە سەرەکییانە کە بۆمان گرینگ بوو بیپرسین ئەوە بووە کە بابەتگەلی وەک کوژرانی کۆڵبەران، لەسێدارەدانی خەباتکارانی کوردستان و دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەروەها خەڵکی ئاسایی کە بەشێکی بەرچاو لەو هەواڵ و زانیارییانەن کە بەشێوەی رۆژانە دەیانبیستین و تا رادەیەک بیستنی ئەو چەشنە هەواڵانە بوونەتە خوویەکی رۆژانە، تا چەندە کاریگەرن لەسەر بڕیاری سیاسیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە راستەوخۆ ئەو پرسیارەمان رووبەڕووی بەشدارەکانی ئەم راپرسییە کردەوە.

وەک دەبینین، لە کۆی بەشداربووانی ئەم راپرسییە رێژەیەکی ٨٦٪ی وتوویانە بەڵێ ئەو رووداوانە کە لەم پرسیارەدا هاتوون کاریگەرن لەسەر بڕیاری ئەوان بۆ بەشداری کردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئێرانیدا.

هاوکات ٨٪ لە بەشداران بڕیاری خۆیان نەگەڕاندۆتەوە بۆ کاریگەری وەرگرتن لەو رووداوانە کە لەم پرسیارەدا هاتوون. ٦٪یش وتوویانە تا رادەیەک کاریگەرن بەڵام پێدەچێ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر بڕیاری ئەو بەشداربووانە بۆ بەشداری کردن یان نەکردن لەو هەڵبژاردنانەدا نییە و دەشێ بنەمای دیکەیان هەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی بڕیاری خۆیان.

1. بەڵێ
2. نەخێر
3. تا رادەیەک









## پێنج) هێرشی مووشەکیی ئێران بۆسەر حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هێرشی مووشەکیی ئێران بۆسەر هەولێر کاریگەریی هەیە لەسەر بڕیاری تۆ بۆ بەشداری کردن یان بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا؟

لە پرسیاری پێنجەمدا ئاماژەمان بە هێرشە مووشەکییەکانی سەر پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان کردووە. هەروەها هێرشی مووشەکیی ئەم دواییەی ئێران بۆسەر هەولێری پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستانیش بەشێک بووە لەم پرسیارە کە مەبەستمان بووە بزانین ئەو هێرشانە بەلای خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە چەندە گرینگ بوون و تا چەندە کاریگەر بوون لەسەر بڕیاری ئەوان بۆ بەشداریکردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئێراندا.

هەر وەک لە گرافەکەدا دەبینین لە کۆی گشتیی بەشداربووان ڕێژەی ٪٧٥ وتوویانە کە بەڵێ ئەو هێرشانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر چۆنیەتیی بڕیاری ئەوان بۆ بەشداری کردن یان نەکردن. هاوکات ٪١٣ وتوویانە نەخێر هیچ کاریگەرییەکی نەبووە و بڕیاری خۆیان بەو هێرشانەوە نەبەستۆتەوە. ٪١١یش وتوویانە تا رادەیەک کاریگەر بووە لەسەر بڕیارەکەیان.










1. بەڵێ
2. نەخێر
3. تا رادەیەک

شەش) پێت وایە لە شارەکەی تۆ خزمایەتی و نزیکایەتی لە بەربژێرە پەسەندکراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ بەشداری کردن یان نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا؟

یەکێک لەو پرسانەی کە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی رابردووی ئێراندا لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەئارادا بووە، باسی ئەوە بووە کە یەکێک لەو هۆکارانەی کە سەر سندووقەکانی دەنگدان پڕ دەکات لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا خزم خزمێنە بووە، بەو مانایە کە خزمایەتی لەگەڵ بەربژێرەکان و تەمای بەرژەوەندیی خزمایەتی لەگەڵ نوێنەری مەجلیسی ئێرانی هۆکار بووبێت بۆ ئەوەی ئاستی بەشداری لە هەڵبژاردنە ئێرانییەکاندا لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرز بووبێت. بۆیە لەم راپرسییەدا پرسیارمان لەو بارەوە لە خەڵک کرد.

وەک دەبینین لە کۆی گشتیی بەشدارانی ئەم راپرسییە ٥١٪ دڵنیان لەوە کە خزمایەتی لەگەڵ بەربژێرەکان هۆکارە بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکانیان بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا بکەن.

لەم پرسیارەدا، پرسیارمان لە خودی بەشدارەکان نەکردووە کە ئایا خزمایەتی لەگەڵ بەربژێر کاریگەرە لەسەر تۆ بۆ بەشداری یان نا، بەڵکوو پرسیارمان سەبارەت بە خەڵکی شارەکانیان لێیان کردووە. لە کۆی گشتی ٢٥٪ پێیان وابووە خزمایەتی هیچ کاریگەرییەکی نییە و خەڵک بڕیاری خۆیان نابەستن بە بەرژەوەندیی خزمایەتی لەگەڵ بەربژێرەکاندا بەڵام لەلایەکی تریشەوە ٢٤٪ی بەشداران دڵنیا نین کە کاریگەر دەبێت یان نا.

1. بەڵێ
2. نەخێر
3. دڵنیا نیم



## حەوت) لەنێو خزم و کەس و کاری تۆدا کەس هەیە بوویێتە  بەربژێری هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران لە شارەکەت؟

دوابەدوای پرسیاری پێشوو لێرەدا ویستمان بزانین لەنێو ئەو کەسانەدا کە بەشداریی ئەم راپرسییە دەکەن چ رێژەیەک خزمایەتییان لەگەڵ بەربژێرەکانی ئەم خولەی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێراندا هەیە. وەک لە گرافەکەدا دەبینین لە کۆی گشتیی بەشداراندا رێژەی ١٢٪ یەک کەس لە خزم و کەس و کارەکانیان بەربژێری هەڵبژاردنی ئەم جارەیە و رێژەیەکی کەمتر لە ١٪یش زیاتر لە یەک کەس لە خزم و کەس و کاریان بەربژێری هەڵبژاردنی ئەمجارەی مەجلیسی ئێرانین لەنێو شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

خاڵێک کە لێرەدا سەرنجراکێشە و بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی رێژەی بەڵێ لەم گرافە گشتییەدا، رێژەی ١٦٪ی تەنیا ئەو بەشدارانەیە کە بە زمانی فارسی وەڵامی ئەم راپرسییەیان داوەتەوە. تەنانەت رێژەی ئەوانە کە زیاتر لە یەک کەس لەخزمەکانیان بەربژێری هەڵبژاردنی ئەم جارەن لەنێو ئەو کەسانەدا کە بە فارسی وەڵامیان داوەتەوە بەرزترە.




1. بەڵێ
2. نەخێر
3. زیاتر لە یەک کەسیش

## هەشت) ئەگەر نیشتەجێی یەکێک لەو شارانەی کوردستانی کە جیا لە کورد، تورکیشی تێدا دەژی چۆن لە پرسی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران دەڕوانی؟




یەکێک لە پرسیارە گرینگەکانی نزیک بە هەموو هەڵبژاردنە ئێرانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بەو شارانە دێتە ئارا و لە بەستێنی گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتایبەتی لە ئاستی دیاسپۆرادا قسەی لەسەر دەکرێت، کە جیا لە کورد، تورکیش لەو شارانەدا دەژین. بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ڕاستەوخۆ سەبارەت بە بایەخی بەشداریکردن یان نەکردنی هەڵبژاردنی ئەمجارە لەلای خەڵکی بەتایبەتی ئەو شارانە، ئەم پرسیارەمان ئاراستە کردن و سێ بژاردەمان خستە بەر دەستیان.

هاوکات ئەم پرسیارەمان جیاواز لە هەموو پرسیارەکانی دیکە وەها دانابوو کە یان تەنیا بەشدارانی دانیشتووی ئەو شارانە وەڵام بدەنەوە یان ئەو کەسانە کە بۆیان گرینگە سەبارەت بە دۆخی ئەو شارانە لە هەڵبژاردندا بۆچوون دەرببڕن. بۆیە لە کۆی گشتیی بەشدارانی ئەم ڕاپرسییە کە ١٠١٨ کەسن، ٧٧٥ کەس وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە.

لە کۆی گشتیی بەشدارانی ئەم پرسیارە زۆرینەی ڕەها واتە ٦١٪ پێیان وایە هیچ جیاوازییەکی نییە ئەگەر نوێنەری شارەکان کورد بێت یان تورک، چونکە لە هیچ حاڵەتێکدا لە بەرژەوەندیی خەڵکی کورد و کوردستاندا نییە. هاوکات ٢٨٪ لەو باوەڕەدا بوون کە نوێنەرە کوردەکانی پێشووی ئەو شارانە لە مەجلیسی ئێرانی هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر باشتربوونی دۆخی ژیانی خەڵکی کورد لەو شارانەدا نەبووە و ئەمجارەیش نابێت. لە بەرانبەردا تەنیا ١١٪ پێیان وابووە ئەگەر بەربژێری کورد لەو شارانەوە بچێتە مەجلیسی ئێرانی، ئەوا بە قازانجی خەڵکی کورد و کوردستانە.

١. نوێنەرە کوردەکانی هەڵبژاردنەکانی پێشوو هیچ کاریگەرییان لەسەر باشتر بوونی ژیانی خەڵکی کورد نەبووە و ئەمجارەیش کاریگەرییان نابێت

٢. هیچ جیاوازییەکی نییە ئەگەر نوێنەری شارەکە کورد بێت یان تورک، چونکە لە هیچ حاڵەتێکدا لە بەرژەوەندیی خەڵکی کورد و کوردستان نییە

٣. ئەگەر بەربژێری کورد بچێتە مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران بە قازانجی خەڵکی کورد و کوردستانە

نۆ) پێتوایە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەدا گرانی، برسێتی، هەژاری، ترسی لە دەستدانی کار و دەرفەتی خوێندن هۆکار بن بۆ ئەوەی خەڵک بەشداریی ئەم هەڵبژاردنانە بکەن؟

دۆخی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک لەناو سیستەمی سیاسی و ئیداریی ئێراندا یەکێک لەو مژارانەیە کە خەڵک کاتێک سەبارەت بە یەکتر بیر دەکەنەوە پێیان وایە کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە خۆ بەدەستەوە دان بە سیاسەتە داگیرکەرانە و هاوکات دیکتاتۆرانەکانی ئێران. بۆیە هاتین ڕاستەوخۆ ئەم پرسیارەمان ڕووبەڕووی بەشداربووەکان کردەوە و گەرەکمان بوو بزانین کێشەکانی وەک گرانی، برسێتی، هەژاری، و ترسی لەدەستدانی کار و دەرفەتی خوێندن هۆکارن بۆ ئەوەی خەڵک بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن!.

هەر وەک لە گرافەکەدا دەبینین ڕێژەی کەمتر لە نیوە واتە ٤٨٪ی بەشداربووان پێیان وایە بەو هۆکارانە ڕەنگە خەڵک بەشداری ئەم هەڵبژاردنە بن. لە بەرانبەریشدا ٣٦٪ لەو بڕوایەدان کە نەخێر، خەڵک لەبەر هۆکاری ئەو کێشانە مل بە بەشداری لە هەڵبژاردنی مەجلیسی ئەمجارەی ئێرانی نادەن. هاوکات ١٦٪ دڵنیا نین کە خەڵکی شارەکانیان لەژێر کاریگەریی ئەو هۆکارانەدا بەشداری دەکەن یان نا.

لەم پرسیارەشدا سەبارەت بە خودی بەشداربووەکان پرسیارمان نەکردووە بەڵکوو ڕای بەشداربووەکانمان لەسەر کاریگەریی ئەو کێشانە لەسەر خەڵکی شارەکانیان پرسیوە.

خاڵێک کە لەم پرسیارەشدا جێگای لێ وردبوونەوەیە ڕێژەی بەرزی ئەو کەسانەیە کە بەزمانی فارسی وەڵامیان داوەتەوە و پێیان وابووە بەو هۆکارانە خەڵک بەشداری دەکەن. وەک دەبینین ٦٨٪ی ئەو کەسانەی بە فارسی وەڵامیان داوەتەوە وتوویانە بەڵێ لەحاڵێکدا لەنێو ئەو کەسانەدا کە بە یەکێک لە چوار شێوەزارە کوردییەکە وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەی ئەو کەسانە کە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە تەنیا ٣٨٪ە و لەبەرانبەردا ٤٢٪ وتوویانە نەخێر. لە نێو ئەو کەسانەدا کە بە فارسی وەڵامیان داوەتەوە تەنیا ٢٣٪ پێیان وابووە ئەو کێشانە کاریگەرییان نابێت. ٢٠٪ی ئەوانە کە بە کوردی وەڵامیان داوەتەوە دڵنیا نین لە کاریگەریی ئەو کێشانە لەسەر بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا و لە فارسییەکاندا تەنیا ٩٪ نادڵنیان. لە کۆی گشتیی بەشدارانی ئەم ڕاپرسییەدا ١٦٪ دڵنیا نین کە ئەو چەشنە کێشانەی لەم پرسیارەدا ئاماژەیان بۆ کراوە دەتوانن کاریگەر بن لەسەر مل دانی خەڵکی شارەکانیان بە بەشداری یان نا.

1. بەڵێ
2. نەخێر
3. دڵنیا نیم









دە) نوێنەری شارەکەت لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ساڵی رابردوودا سەبارەت بە کوژرانی ١٣٠ لاوی کوردستان لە میانەی راپەڕینی ژینادا لەپێناو داخوازییەکانی لاوانی راپەڕیودا هەڵوێستێکی پێشان دابوو؟




لەم پرسیارەدا جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ پرسی پەیوەندیدار بە رووداوەکانی راپەڕینی ژینا. پرسیارمان لە بەشداربووان کرد کە بزانین ئایا نوێنەرانی شارەکانیان لە مەجلیسی ئێران لە ساڵی رابردوودا لەبەرانبەر کوژرانی ١٣٠ لاوی کوردستانی هیچ هەڵوێستێکیان هەبووە یان نا، کە لە کۆی گشتی بەشداراندا ٨٨٪ وتوویانە نەخێر هیچ هەڵوێستێکیان پێشان نەدابوو. تەنیا ٥٪ وتوویانە کە بەڵێ نوێنەری شارەکانیان سەبارەت بەم بابەتە هەڵوێستی نواندووە و ٧٪یش وتوویانە ئاگایان لێ نەبووە کە نوێنەری شارەکانیان هەڵوێستیان پێشان دابێت یان نا. ئەمە لە حاڵێکدایە کە پێشتر ٧٤٪ی بەشداربووەکان وتبوویان رووداوەکانی راپەڕینی ژینا کاریگەرن لەسەر چییەتی بڕیاری ئەم جارەیان بۆ بەشداری کردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێرانیدا.

1. بەڵێ
2. نەخێر
3. ئاگام لێ نییە

## یازدە) وەک کوردستانییەک دەوڵەتی ئێران لەسەر خاکی کوردستان چۆن پێناسە دەکەی؟




لەم پرسیارەدا بەشێوەیەکی کوتوپڕ و لە دەرەوەی بازنەی سەرەکیی پرسیارەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژادنی ئەم جارەی مەجلیسی ئێرانی بەشداربووەکانمان خستە بەردەم پرسیارێکی زۆر گرینگ سەبارەت بە روانینیان لەسەر چییەتیی دەوڵەتی ئێرانی. بە سەرنجدان بەوە کە "هەڵبژاردن" دیاردەیەکی سیاسیی دۆخی دیموکراتیکە و پرسی بەشداری کردن یان نەکردن خۆی یەکێکە لە بابەتە سیاسییە ئاسایەکانی ناو دۆخی دیموکراتیک و پەیوەستە بە بڕیاری سیاسیی تاک-شارۆمەندگەلی سەربەست و ئۆتۆنۆمەوە کە خاوەن بڕیارن لە چارەنووسی سیاسیی خۆیاندا، ویستمان بزانین بەشداربووانی ئەم راپرسییە چۆن لەو دەوڵەتە دەڕوانن کە بەتەمایە پرۆژەی هەڵبژاردنی مەجلیسی خۆی لە رۆژهەڵاتیش وەک هەموو قۆناغەکانی پێشوو ببات بە رێوە. بۆ ئەو مەبەستە سێ بژاردەمان خستە بەردەستی بەشداربووەکان کە زۆرینەی رەها واتە ٨٦٪ی کۆی بەشداربووەکان پێیان وابوو دەوڵەتی ئێرانی لەسەر خاکی کوردستان، دەوڵەتێکی داگیرکەر و دیکتاتۆرە. واتە بە هۆشیارییەوە پێیان وابووە کە تەنیا دیکتاتۆر نییە بەڵکوو داگیرکەریشە. لە بەرانبەردا ١٣ ٪ دەوڵەتی ئێرانییان بە داگیرکەر نەزانیوە بەڵکوو پێیان وابووە تەنیا دەوڵەتێکی دیکتاتۆرە. لەنێو کۆی بەشداربووەکاندا تەنیا ١ ٪ دەوڵەتی ئێرانییان لەسەر خاکی کوردستان بەلاوە دەوڵەتێکی رەوا و دیموکراتیک بووە.

لە نێو وەڵامەکانی پەیوەندیدار بەم پرسیارەدا تووشی حاڵەتێکی سەرنجڕاکێش هاتین. لەڕاستیدا لەنێو ئەوکەسانەدا کە بە یەکێک لە چوار شێوەزاری کوردی وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە ٩٣ ٪ پێیان وابووە کە دەوڵەتی ئێرانی دەوڵەتێکی هاوکات داگیرکەر و دیکتاتۆرە، لەحاڵێکدا لەنێو ئەو بەشداربووانە کە بە فارسی وەڵامیان داوەتەوە، ئەم رێژەیە بۆ ٧٤ ٪ دابەزیوە. لەبەرانبەردا تەنیا ٧ ٪ لەنێو ئەوانەدا کە بە کوردی وەڵامیان پێیان وابووە کە دەوڵەتی ئێرانی تەنیا دیکتاتۆرە، لە حاڵێکدا لەنێو بەشدارانی راپرسییەکەدا بە زمانی فارسی، ئەم رێژەیە بۆ ٢٣ ٪ بەرز دەبێتەوە. خاڵێکی جێگای سەرنجی دیکە ئەوەیە کە لەنێوان ئەو بەشداربووانە کە بە کوردی وەڵامیان داوەتەوە هیچ کەس دەوڵەتی ئێرانیی بە رەوا و دیموکراتیک نەزانیوە، بەڵام لەنێوان بەشداربووان بە زمانی فارسیدا ٣ ٪ پێیان وابووە دەوڵەتی ئێرانی لەسەر خاکی کوردستان، دەوڵەتێکی رەوا و دیموکراتیکە.

1. دەوڵەتێکی رەوا و دیموکراتیکە
2. دەوڵەتێکی دیکتاتۆرە
3. دەوڵەتێکی داگیرکەر و دیکتاتۆرە

## دوازدە) نوێنەرانی شارەکان لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران چۆن پێناسە دەکەی؟

لەپاش پرسیاری پەیوەندیدار بە روانینی بەشداربووان سەبارەت بە دەوڵەتی ئێرانی، گەرەکمان بوو بزانین ئەوان چۆن لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێرانی دەڕوانن. بۆ ئەو مەبەستەش سێ بژاردەمان خستە بەر دەستیان.

لە کۆی بەشداربووانی راپرسییەکە ٪۹٦ پێیان وابووە کە ئەوانە نوێنەری خەڵک نین، بەڵکوو نوێنەرانی دەوڵەتی ئێرانین بەسەر خاک و خەڵکی شارەکانی کوردستانەوە. ٪۲ لە کۆی بەشداربووان پێیان وابووە ئەوان نوێنەرانی خەڵکن لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیی دەوڵەتی ئێرانیدا. هاوکات ٪۲یش لایان وابووە ئەو کەسانە رۆڵەی کوردستانن و ئامانجیان خزمەتکردن بە خەڵکی کوردستانە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ٪۱۲ی کۆی بەشداربووەکان خزم و کەس و کاریان بەربژێری هەڵبژاردنە و بەتەمان وەک نوێنەری شارەکانیان بچنە مەجلیسی ئێرانییەوە. هەروەها ٪٥۱ی کۆی بەشداربووەکان پێیان وابووە کە خەڵکی شارەکانیان بەهۆی خزمایەتییەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن. خزمایەتی لەگەڵ ئەو کەسانە کە بەگوێرەی ٪۹٤ی وەڵامدەرانی ئەم پرسیارە ئەوان نوێنەری خەڵک نین بەڵام نوێنەرانی دەوڵەتی ئێرانن بەسەر خاک و خەڵکی کوردستانەوە. نوێنەرانی ئەو دەوڵەتە کە بەگوێرەی ٪۸٦ی کۆی بەشداربووەکانی ئەم راپرسییە دەوڵەتێکی داگیرکەر و دیکتاتۆرە.

1. ئەوان نوێنەری خەڵک نین بەڵکوو نوێنەری دەوڵەتی ئێرانن بەسەر خاک و خەڵکی شارەکانی کوردستانەوە
2. ئەوان نوێنەری خەڵکن لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیی دەوڵەتی ئێران
3. ئەوان رۆڵەی کوردستانن و ئامانجیان خزمەت کردنە بە خەڵکی کوردستان



## سێزدە) کام یەک لەم ڕستانە لە ڕای تۆ سەبارەت بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا نزیکترە؟

لەم پرسیارەدا سەبارەت بە بڕیاری بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەی مەجلیسی ئێرانی، سێ بژاردەمان خستە بەردەستی بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییە و داوامان لێکردن ئەو بژاردەیە کە لە ڕا و بۆچوونی ئەوان نزیکترە هەڵبژێرن، کە وەڵامێکی زۆر سەرنجڕاکێش و لۆژیکیمان بەگوێرەی وەڵامەکانی پرسیارەکانی پێشتر وەرگرتەوە.

لە کۆی بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییە ٩١٪ بەبێ دڕدۆنگی پێیان وابووە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئێران خەیانەتی نیشتمانییە بە کوردستان و بەمانای پشت کردنە لە گیانبەختکردووانی ڕاپەڕینی ژینا. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ٧٪ پێیان وایە سەرەڕای ئەوە کە بە هەڵبژاردنی داگیرکەری دەزانن بەڵام بەهۆی بندەستییەوە ناچارن بەشداری بکەن. وەک دەبینین ٢٪ ی کۆی بەشداربووەکان پێیان وایە بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانەی مەجلیسی ئێرانی ئەرکێکی نیشتمانییە و هەموو ئەوانە کە مافی یاسایی دەنگدانیان هەیە دەبێ بەشدار بن.

بۆ بینینی جیاوازی لەنێوان وەڵامی ئەو کەسانە کە بە فارسی یان بە یەکێک لە چوار شێوەزارە کوردییەکان وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە لە گرافەکە بڕوانن.

1. بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی ئێران ئەرکێکی نیشتمانییە و هەموو ئەوانەی کە مافی یاسایی دەنگدانیان هەیە دەبێ بەشدار بن
2. بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئێران خەیانەتی نیشتمانییە بە کوردستان و بەمانای پشت کردنە لە گیانبەختکردووانی ڕاپەڕینی ژینا
3. بە هەڵبژاردنێکی ڕەوای نازانین چونکە هی داگیرکەرە بەڵام بەهۆی بندەستییەوە ناچارین بەشداری بکەین




کوردی




فارسی



چواردە) کام یەک لەم دروشمانەی ساڵی رابردوو کە لە راپەڕینی ژینادا دەوترانەوە لە روانگەی تۆ نزیکترن؟ (دەتوانی زیاتر لە یەک بژاردە هەڵبژێری)

لەم پرسیارەدا بۆ مەبەستی دەرخستنی ماهییەتی هەڵوێستەکانی بەشداربووان سەبارەت بە پرسیارە جیاوازەکانی ئەم راپرسییە و هاوکات دەرنەچوون لە ئەو بازنەیەی کە لە سەرەتای راپرسییەکەوە کێشرابوو بۆ خوێندنەوەی پەیوەندیی نێوان هەڵوێستی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، رووداوەکانی راپەڕینی ژینا و ماهییەتی دەزگای سیاسیی دەوڵەتی ئێرانی و چۆنیەتیی کار کردنی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان پێنج دروشمی دیاری سەردەمی راپەڕینی ژینامان خستە بەردەستیان و داوامان لێکردن ئەو دروشمانە هەڵبژێرن کە لە روانگەی ئەوان نزیکترە. هاوکات ئەو دەرفەتەمان خستبووە بەر دەستیان کە بتوانن زیاتر لە یەک دروشم هەڵبژێرن.

لە کۆی گشتیی بەشداراندا بە گوێرەی ژمارە، دروشمی: تا "کورد دەوڵەتی نەبێ، ئەمە هەر بەشی ئەبێ" ٦٢٤ جار هەڵبژێردراوە کە بەرزترین ژمارەی هەڵبژاردنی وەرگرتووە. لەپاش ئەوە، دروشمی "ژن ژیان ئازادی" بووە کە لە کۆی گشتیدا ٥٨٨ جا هەڵبژێردراوە. دروشمی " داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی" سەرجەم ٣٤٧ جار هەڵبژێردراوە. لە پلەی چوارەمدا دروشمی فارسیی "کوردستان، چشم و چراغ ایران" ١٢١ جار هەڵبژێردراوە و لە نزمترین پلەدا دروشمی " از کردستان تا تهران جانم فدای ایران" ٦٦ جار هەڵبژێردراوە.



پێویستە بۆ ڕوونتر بوونەوەی وەڵامەکانی ئەم پرسیارە ئاماژە بەوە بکەین کە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە بە زمانی کوردی بەشدارییان کردووە ١١٨٢ جار هەڵبژاردن کراوە لەنێوان دروشمەکاندا کە لەو ژمارەیە بەرزترین ژمارە واتە ٤٥٥ هەڵبژاردن تەرخان کراوە بۆ دروشمی "تا کورد دەوڵەتی نەبێ ئەمە هەر بەشی ئەبێ"، ٣٩٨ هەڵبژاردن تەرخان کراوە بۆ دروشمی "ژن ژیان ئازادی"، ٢٥٩ هەڵبژاردن تایبەتە بە دروشمی "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی. هەر لەنێوان بەشدارەکان بە زمانی کوردیدا ٤٩ جار دروشمی "کوردستان چشم و چراغ ایران" و ٢١ جار دروشمی "از کردستان تا تهران، جانم فدای ایران" هەڵبژێردراوە.

لە حاڵێکدا لەلایەن بەشدارەکان بە زمانی فارسییەوە کە ژمارەی هەڵبژاردنەکانیان سەرجەم ٥٨٥ جار بووە، دروشمی یەکەم لە بەرزترین ئاستدا ١٩٠ جار هەڵبژێردراوە کە بریتییە لە دروشمی "ژن ژیان ئازادی". لەپاش ئەوە دروشمی "تا کورد دەوڵەتی نەبێ ئەوە هەر بەشی ئەبێ" ١٦٩ جار هەڵبژێردراوە. دوو دروشمە فارسییەکەی "کوردستان چشم و چراغ ایران" و "از کردستان تا تهران، جانم فدای ایران" بە جیاوازییەکی کەمەوە یەکەمیان ٧٢ جار و دووهەمیان ٦٦ جار هەڵبژێردراوە.

## پازدە) پێتوایە لە شارەکەی تۆ چەند لە سەد خەڵک بەشداریی دەنگدان دەکەن؟

لە پرسیارێک بەر لە کۆتاییدا گەرەکمان بوو بزانین بە سەرنجدان بە هەموو ئەو وەڵامانە کە لە پرسیارەکانی پێشتردا وەرمان گرتبۆوە، بەبۆچوونی بەشداربووەکان خەڵکی شارەکانیان بە کام یەک لەو رێژانە کە دیاری کراوە ئەگەری هەیە بەشداری لەم هەڵبژاردنەی مەجلیسی ئێرانیدا بکەن.

لە کۆی بەشداربووەکاندا ٦١٪ لەو باوەڕەدان کە رێژەی بەشداری لەنێوان سفر بۆ ١٥٪ دەبێت. لە بەرانبەردا ٣٢٪ی کۆی گشتیی بەشداربووەکان پێیان وایە رێژەی بەشداریی خەڵکی شارەکانیان لەنێوان ١٥٪ بۆ ٣٥٪ دەبێت. هاوکات ٥٪ پێیان وایە ئاستی بەشداری دەگاتە نێوان ٣٥٪ بۆ ٤٥٪ و ٢٪ی بەشداربووانیش پێیان وایە بەشداری هەتا سەروو ٥٠٪یش بەرز دەبێتەوە.

جیاوازیی روانگەی بەشداران بە زمانی فارسی و کوردی دەتوانن لەم گرافەدا ببینن.




1. 0%-15%
2. 15%-35%
3. 35%-49%
4. ٥٠% و زیاتر

## شازده) تۆ خۆت بەشداریی هەڵبژاردنی ئەم جارەی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران دەکەی؟

لە کۆتا پرسیاری راپرسییەکەدا بۆمان گرینگ بوو بزانین ئەم بەشداربووانە کە خراونەتە بەر پرسیاری جۆراوجۆر هەم سەبارەت بە بڕیاری خۆیان و هەم سەبارەت بە روانینیان لەمەڕ بڕیاری چاوەڕوانکراوی خەڵکی شارەکانیان خۆیان، خاوەن چ بڕیارێکن هەتا ئێستا سەبارەت بە بەشداریکردن یان نەکردن لەم هەڵبژاردنەدا کە بڕیارە لە ١١ی رەشەمەی ئەمساڵدا بەناوی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران بچێت بەڕێوە. وەڵامێک کە وەرمانگرتەوە لە زۆر رووەوە سەرنجراکێش و جێگای بیرکردنەوە بوو.

لە کۆی گشتیی بەشداربووانی ئەم راپرسییە ٩٦٪ وەڵامیان داوەتەوە کە "نەخێر" بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا ناکەن. تەنیا ٢٪ وتوویانە "بەڵێ" بەشداری دەکەن و ٢٪یش دردۆنگ و نادڵنیان و تا ئێستا "نازانن" بەشداری کردن لەم هەڵبژاردنەی مەجلیسی ئێرانیدا لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەن یان نا.

خاڵێکی دیکەی سەرنجراکێش لەم وەڵامەدا ئەوەیە کە رێژەی وەڵامی "بەڵێ" لەنێوان بەشداران بە زمانی کوردی و فارسی تەنیا یەک لەسەر سەتە (١٪)




کوردی




فارسی




1. بەڵێ
2. نەخێر
3. نازانم

## سپاس و پێزانین

لەلایەن "پلاتفۆرمی لێکۆڵینەوە و ڕاپرسیی کوردستان"ەوە بە پێویستی دەزانین سپاس و پێزانینی تایبەتی خۆمان بۆ ئەو هاونیشتمانییانە ڕابگەیەنین کە بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک و تەنیا لەپێناو بەرەوپێشچوونی هەرەوەزێکی لەم چەشنە زۆر بە خێرایی هاتن بە هانامانەوە و یارمەتیدەر بوون بۆ هەڵگەڕاندنەوەی دەقی ڕاپرسییەکە بۆ شێوەزارە کوردییەکانی جیا لە کوردیی ناوین.

هەروەها سپاسداری هەموو ئەو پلاتفۆرمە سۆسیالمێدیاییانەین کە چ وەک سۆسیالمێدیای تاکەکەسی، چ وەک گرووپ و کاناڵ، یارمەتیدەرمان بوون لە بڵاوکردنەوەی ڕاپرسییەکە بەسەر هاونیشتمانییانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

لەم پرۆژەیەدا:

هاونیشتمانی، مەیرۆ کوردستانی، یارمەتیدەرمان بوو بۆ داڕشتنەوەی دەقی ڕاپرسییەکە بە شێوەزاری کوردیی ژوورین (کورمانجی).
هاونیشتمانی سۆما کوردستانی، یارمەتیدەرمان بوو بۆ داڕشتنەوەی دەقی ئەم ڕاپرسییە بە شێوەزاری کوردیی دێرین (هەورامی).
هاونیشتمانی (ئ.ج) لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە یارمەتیدەرمان بوو بۆ داڕشتنەوەی دەقی ئەم ڕاپرسییە بە شێوەزاری کوردیی خوارین (کەلهوڕی).